

ئەفسانە سروش

**من ئەو ژنەم**

من ئەو ژنەم
لە لێکدانەوەی
ئۆقیانوسی خەونەکانمدا
ماڵی خەیاڵیان لێ
وێران کردم

(۲)

من ئەو ژنەم
هەموو بەیانییێک
منداڵیم بانگم دەکات و
قردێلەی سپی
لەگەڵ پرچەکانم
دەهۆنێتەوە،و
بەرەو خوێندن
بەڕێم دەکات

(۳)

من ئەو ژنەم
هەموو ڕۆژێک گوڵەکانم
لەگوڵدانە نوێ یەکەمدا
دەڕوێنم، و
ئێوارە گوڵدانێکی تر
بۆ گوڵەکانی بەیانیم
دروست دەکەم

(٤)

من ئەو ژنەم
تەمەنێکە
قوربانی دەستی
خەیاڵی دیموکراسی
خێڵەکەمم.